زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا

**پڕۆژەی دەرچوونە**

پێشکەش بە بەشی (کوردی) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (زمانی کوردی)

ئامادەکراوە لەلایەن:

**اسماء حسن عمر**

بەسەرپەرشتی:

**تريفه محسين احمد**

نیسان _ 2022

## پشتگیری سەرپەرشتیار

پشتگیری قوتابی ((اسما حسن عمر)) دەکەم کەوا باسی دەرچوونەکەی ئامادەیە بۆ گفتوگۆ.

مامۆستای سەرپەرشتیار:

م. تریفه محسين احمد

| ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| سوپاس و پێزانین | أ |
| پێشکەشکردن | ب |
| پێشەکی | 1 |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە** | |
| (١ _ ١) ڕستە | 2 |
| (١ _ ٢) کەرستەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا | 2 |
| (١/٢_ ١) کەرستە سەرەکییەکان | 2 |
| (١/٢ _ ٢) کەرستە ناسەرەکییەکان | 6 |
| (١ _ ٣) کەرستەکانی ڕستە لە زمانی ئینگلیزیدا | 10 |
| (٣/١ _ ١) کەرەستە سەرەکییەکان | 10 |
| (٣/١ _ ٢) کەرستە ناسەرەتاییەکان | 14 |
| **بەشی دووەم: بەراوردکردنی ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە لەنێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا** | |
| (٢ _ ١) خاڵە هاوبەشەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی | 17 |
| (٢ _ ٢) خاڵە جیاوازەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی | 20 |
| ئەنجام | 26 |
| لیستی سەرچاوەکان | 27 |

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس بۆ:

- پەروەردگارم ، تەمەنی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- خانەوادەکەم ، هەمیشە پاڵپشتم بوون.
- سەرپەرشتیارەکەم ، کە ئەرکی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ.
- کتێبخانەی مارف خەزنەدار.
- کتێبخانەی کۆلێژی زمان.

## پێشکەش کردن

### پێشکەشە بە:

- گشت مامۆستایانی کۆلێژی زمان.

# پێشەکی

لەپێشەکی باسەکەمدا دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە تەواوی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە کەرەسـەکانی ڕسـتە و چۆنییەتی ڕیزبوونیان دەکات لە ڕسـتەدا لە نێوان هەردوو زمانەکەدا بەجیا.لەبەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەماندا باسمان لە کەرەسـەکانی ڕسـتە کردوە بە سـەرەکی و لاوەکییەوە لە هەردوو زمانەکە بەجیا.لە بەشـی دووەمی لێکۆڵینەوەکەماندا باسـمان لە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هەردوو زمانەکە کردووە بە نموونەوە.ئامانجمان لە هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیاندنی خزمەتێکە بە زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی.

## ڕستە

ڕستە بریتییە لەو کۆمەڵە کەرەسەیەی کەبەیەکەوە واتایەک دەگەیەنن و ئەو بیرۆکانەی لە مێشکدا هەن بە شێوەیەکی گونجاو دەردەبڕن .بێگومان هەموو زمانێک پێک هاتووە لە ڕستە و ڕستەکانیش لە کۆمەڵێ کەرەسەی سەرەکی و لاوەکی .لێرەیا ئاماژە بە هەندێ پێناسە دەکەین:

(ڕستە زنجیرە وشەیەکە بیرۆکەیەکی تەواو دەردەخات)(خۆشناو : ٢٠١٤ :١٢).لەم پێناسەیەدا نوسەر بیرۆکەی بە ڕستەوە بەستۆتەوە،ئاماژەی بە کەرەسەکانیش کردووە.

(رستە واتە: قسە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت بە جۆرێک ڕیزبکرێن واتا و مەبەستێکی تەواو بگەیەنن.)(پشدەری :١٩٥٨: ٦٦).لەم پێناسەیەدا ڕستە بە قسەوە گرێدەدات.

(کاتێک مرۆڤ دەدوێت یان دەنوسێت ئەوا کۆمەڵێک دەستەواژە دەخاتە پاڵ یەکتری بەجۆرێک کە گوزارشت لەو بیرۆکەیە بکات کە مرۆڤ مەبەستییەتی بیگەیەنێت.)(دزەیی :٢٠١٤: ١٦٣).لێرەشدا نوسەر ئاماژە بەوە ئەکات کە بیرۆکە و ڕستە پەیوەستن بەیەکەوە.

## کەرستەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا

کەرستەکانی ڕستە لەزمانی کوردیدا دوو جۆرن کە ئەمانەن:

**یەکەم// کەرستە سەرەکیەکان:**

ئەو کەرەستانەن کە هەمیشە لەڕستەدا دێن و بەبێ ئەوان ڕستە دروست نابێت یان بەلابردنی یەکێک لە کەرەستەکان واتای ڕستەکە دەشێوێت. د. نەریمان عەبدوڵڵا دەڵێت (بەو کەرەسانە دەوترێت کە لە ڕستەدا بوونیان هەیە, بەجۆرێک ئەگەر کەرەسەکان لە ڕۆنانی سەرەوەشدا دەرنەکەون, ئەوا دەبێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەرکەون و بوونیان هەبێت) (خۆشناو:٢٠١٧ :٧٢) کەرەسە سەرەکییەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە :

**یەکەم// بکەر:**

یەکێکە لە کەرەســە ســەرەکیەکانی ڕستە.بکەر ئەو کەســەیە کە هەڵدەســتێت بە ئەنجامدانی کارێک .گەر لە ڕۆنانی سـەرەوەشـدا نەهاتبێ ئەوا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەردەکەوێت. احمد حسـن لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت (بکەر یا نیهاد ئەو بەشەیە کە بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و کار باسێکی لەبارەوە ڕادەگەیەنێت))(فتح الله :١٩٩٠: ٥) بۆ نموونە:

منداڵەکە خەوت.

لێرەیا (منداڵەکە) بکەرە. چونکە، کارێکی ئەنجامداوە ئەویش (خەوتن)ە.

نەسرین دەچێت بۆ ئارایشگا.

لێرەیا (نەسرین) بکەرە .چونکە،هەڵساوە بە ئەنجامدانی کارێک.

دایکم چێشت ئامادە دەکات.

لێرەیا (دایک) بکەرە. چونکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی کارێک.

**دووەم // کار:**

ئەو وشــــەیەیە کە بەزۆری دەکەوێتە کۆتایی ڕســــتە.بەجۆرێک گەر لە ڕۆنانی ســــەرەوەشــــدا دەرنەکەوێت،ئەوا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەردەکەوێت.بریتییە لەو فرمانەی کە بکەر هەڵدەســــتێت بە ئەنجامدانی.مصطفی محمد لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت(کار وشەیەکە ڕوودان و کات دەگەیەنێت) (زەنگنە:١٩٨٩ :٣) بۆ نموونە:

سورەییا گوڵێکی چاند.

لێرەیا (چاند) کارەکەیە. چونکە، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە بکەرەکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی.

منداڵەکە دەگری.

لێرەیا (دەگری) کارەکەیە.چونکە، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە بکەرەکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی.

شیرین قاپ دەشوات.

لێرەیا (دەشوات) کارەکەیە. چونکە، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە بکەرەکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی.

## سێیەم // بەرکار:

وشـەیەکە یان ناوێکە، گرێیەکە کە دەکەوێتە پێش کاری ڕستەکە و سـەر بە فرێزی کارییە. پرسیار لە چی و کێ دەکات. یەکێکە لە کەرەسە سەرەکیەکانی ڕستە.شوان حەیدەر لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت (کەرستـەیەکی سـەرەکی ڕسـتەیە و بەشـی کار تەواودەکات و ئەرکی کارەکەشـی دەکەوێتە سـەر،بۆیە دەچێتە نێو فرێزی کاریەوە.) (حەسـەن :٢٠١٥: ٣٥) .لەزمانی کوردیدا دوو جۆر بەرکار هەن کە ئەمانەن:

### یەکەم// بەرکاری ڕاستەوخۆ:

ئەو بەرکارەیە کە ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا دێت، بەلابردنی واتای ڕستەکەمان تێکدەچێت.پرسیار بە چی و کێ دەکات.د. ئیبراهیم لە نامەی ماسـتەرەکەیدا دەڵێت (بەرکاری ڕاسـتەوخۆ ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ و یەکسەر کاری بکەرەکەی دەکەوێتە سەر.) ( :٢٠٠٧: ٣٨). بۆ نموونە:

ئەوین کتێب دەخوێنێتەوە.

کتێب بەرکارەکەیە چونکە، ڕاستەوخۆ ئەرکی کارەکەی چۆتەسەر.

دایکم چێشت ئامادە دەکات.

چێشت بەرکارەکەیە چونکە ڕاستەوخۆ ئەرکی کارەکەی چۆتەسەر.

**دووەم// بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

ئەو بەرکارەیە لە ڕستەدا دێت و گرێی بەندە. دەچێتە سەر کارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکان، دەکرێت لە ڕستەیەکدا دوو بەرکاربێت یەک ڕاستەوخۆ یەک ناڕاستەوخۆ، دەکرێت سێ بەرکاریش بێت، لە ڕستەیەکدا، یەک ڕاستەوخۆ و دووانیش ناڕاستەوخۆ. دەتوانرێت لە هەندێ ڕستەدا لاببرێت، بەڵام لە هەندێک ڕستەدا بەخورتییە و لانابرێت. د.ئیبراهیم لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت (بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەو کەرەسەیە، کە بەهۆی ئامرازی پەیوەندیەوەلێرەیا بەهۆی ئەوەی ئامرازی پەیوەندییەوە دروست دەبێت و پێی دەوترێ گرێی بەند و لە ژێر گرێیی کاری ڕستەدایە و فراوانی دەکات و وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە، کە بە [(بە ،بۆ ،لە ،لەگەڵ)+(کێ،چی)] بکرێ.) (ئیبراهیم:٢٠٠٧: ٥٤). بۆ نموونە:

نەسرین ئەوینی بە شنۆ ناساند.

بە شنۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆیە و گرێی بەندیشە.

شیلان گوڵەکە بۆ دایکی دەبات.

بۆ دایکی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە و گرێی بەندیشە.

**چوارەم// تەواوکەر:**

یەکێکە لە کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە.کە دەکەوێتە سەر فرێزی کاری و واتای ڕستەکە تەواو دەکات . ناتوانرێت لاببرێت .چونکە، بەلابردنی واتای ڕستەکە تێکدەچێت. دەڵێت: (تەواوکەر کەرەسەیەکی ڕۆنانی ڕستەیە، کە پەیوەندیان بە کارەوە هەیە. یا ئەو کەرەسانەن کە لەگەڵ کاردا دێن و ڕستەکە دەکەنە ڕستەیەکی ڕێزمانی و ئەو واتایەی کە مەبەستە پێیدەبەخشن) (ڕەسول ۲۰۰۷: ۲۷)

لەم چەند ڕستەیەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

منداڵەکە ڕێناس بوو.

لێرەیا(ڕێناس) ناوێکی تایبەتیە ، واتای کارەکەی تەواوکردووە.

ئەموستیلەکە زێڕ بوو.

لێرەیا (زێڕ) ناوێکی گشتییە ، واتای کارەکەی تەواوکردووە.

ئەم ژنە فەرمابەرە.

لێرەیا (فەرمانبەر) ناوێکی دوو لایەنەیە، واتای کارەکەی تەواوکردووە.

**دووەم//کەرەسە ناسەرەکییەکان:**

ئەو کەرەسانەن کە لە ڕستەدا دێن ، دەکرێت لاببرێن ، واتا سەرەکی نیین.بەلابردنیان واتای ڕستەکە تێکناچێت و وەک خۆی ئەمێنێتەوە.بەشە ناسەرەکییەکانیش هەموو ئەو کەرەسەکانی زمانن جگە لە کەرەسە سەرەکییەکان. د. نەریمان عەبدوڵڵا دەڵێت: (بەو کەرەسانە دەوترێت کە دەشێ لە ڕستەدا دەرنەکەون یان ئەگەر لە ڕستەشدا بوونیان هەبێ، دەشێ لە ڕستەکە لایانبەرین، بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبدات، کەرەسەکانیش بریتیین لە ئامراز، پێشبەند ،ئاوەڵکار ،

ڕادە.....) (خۆشـــناو :٢٠١٧ :٧٣) لەم توێژینەوەیەدا ئێمە باســـی دوو لە کەرەســـە ســـەرەکییەکان دەکەین :

## یەکەم// ئاوەڵگوزارە :

یەکێکە لە کەرەستە ناسەرەکییەکانی ڕستە.لە ڕستەدا زانیاری زیاتر دەدات،واتا لاشیبەرین واتای ڕستەکە تێکناچێت، ئاوەڵناو و ئاوەڵکار ڕۆڵی ئاوەڵگوزارە دەبینن لە ڕستەدا.شلێر ڕەسوڵ لەنامەی ماســـتەرەکەیدا دەڵێت: (لە زمانی کوردیدا بەشـــێوەیەکی ســـەرەکی ناو، ئاوەڵناو ئاوەڵکار ڕۆڵی ئاوەڵگوزارە دەگێڕن.)(بەرزنجی :١٩٨٩: ٤١)

جۆرەکانی ئاوەڵگوزارە

ئاوەڵگوزارە دەبێتە چەند جۆرێک کە ئەمانەن:

### یەکەم// ئاوەڵگوزارەی شوێن:

ئەو وشەیەیە کە گوزارشت لە شوێن دەکات، لەڕستەدا ڕوونکردنەوە دەربارەی ئەوشوێنە دەدات کە کارەکەی تیادا ئەنجام دەدەرێت.بۆ نموونە:

ئەوان لەبەر سێبەری دارخورما دانیشتوون.

لێرەیا(سێبەری دارخورما)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە شوێنی ڕوودانی کارەکە دەکات.

لەم شارەدا پیاو لە کۆڵانەکان بزردەبێت.

لێرەیا(کۆڵانەکان)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە شوێنی ڕوودانی کارەکە دەکات.

**دووەم// ئاوەڵگوزارەی کات:**

ئەو وشانەن کە لە ڕستەدا دێن و ئاماژە بە کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەکەن.بۆ نموونە:

دیسان نەسرین هاتەوە.

لێرەیا(دیسان)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە کاتی ڕوودانی کارەکە دەکات.

**سێیەم// ئاوڵگوزارەی چۆنییەتی:**

بریتییە لەو وشەیەی کە لە ڕستەدا دێت و لەچۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوی نێو ڕستەکە پیشاندەدات. بۆ نموونە:

خێرا باڵندەکە هەڵفڕی.

لێرەیا(خێرا)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەکات.

دوێنی بارام بەپەلە هات.

لێرەیا(بەپەلە)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەکات.

**چوارەم// ئاوەڵگوزارەی هۆ:**

ئەو ئاوەڵگوزارەیەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاوەڵکارێکی داڕێژراو یان دوو ئاوەڵکاری سادەی بە دوایەکداهاتوو، دەوری دەگێڕن لە ڕستەدا. بۆ نموونە:

منداڵەکە لەبرسان دەمرێت.

لێرەیا(لەبرسان)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە هۆکاری ڕوودانی کارەکە دەکات.

ئەژین لە سەرمان نەخۆش کەوت.

لێرەیا(لەسەرمان)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە هۆکاری ڕوودانی کارەکە دەکات.

بەیانی دەچم بۆ لای هاوڕێکەم.

لێرەیا(بەیانی)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە کاتی ڕوودانی کارەکە دەکات.

ئەژین لە سەرمان نەخۆش کەوت.

لێرەیا(لەسەرمان)ئاوەڵگوزارەکەیە. چونکە باس لە هۆکاری ڕوودانی کارەکە دەکات.

**دووەم// دیارخەر:**

یەکێکە لە کەرەسە ناسەرەکییەکانی ڕستە. بەشێوەیەکی لاوەکی ڕستەکە فراوان دەکەن .دیارخەرەکان لە ڕستەدا دێن، بە مەبەستی دیارخستنی ناوێک یان ئاوەڵناوێک یان گرێیەک.ئاواز لە نامەی ماستەرەکەیدا دەڵێت: (بەو کەرستانە دەوترێت کە ڕستەکە بەشێوەیەکی لاوەکی فراوان دەکەن و دەتوانین لایان بدەین بێ ئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێت، بوونیان لە ڕستەدا تەنیا بۆ زیاتر زانیاری گەیاندن و ڕوون کردنەوەی ڕستەکەیە.)(صدیق :١٩٩٦: ٥٩).بۆ نموونە:

دایکی نەسرین پزیشکە.

لێرەیا (نەسرین) ناوێکی تایبەتییە ، دیارخەرە.

خوشکە بچوکەکەم بەیەکەم دەرچوو.

لێرەیا ئاوەڵناوی (بچوک) دیارخەری ڕستەکەیە.

## کەرەسەکانی ڕستە لە زمانی ئینگلیزیدا

هەروەک لە زمانی کوردیدا باسی کەرەسە سەرەکی و لاوەکییەکانمان کرد ، لە زمانی ئینگلیزیشدا بەهەمان شێوە کەرەسەی سەرەکی و ناسەرەکیمان هەیە کە ئەوانیش ئەمانەن:

### یەکەم// کەرەسە سەرەکییەکان:

بریتین لەو کەرەسانەی کە بنچینەیین و لانابرێن، چونکە بەلابردنیان واتای ڕستەکە دەشێوێت.کەرەسە سەرەکییەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### یەکەم// Subject:

بکەر بریتییە لەو کەرەسە بنچینەییەی ڕستە، کارێک یان شتێک ئەنجامدەدات.(بکەری ڕستە کەسێکە ،شوێنێکە، شتێکە، یان بیرۆکەیەک ئەنجامدەدات یان دەیکات.) (www.grammer-monster).بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیاریان دەکەین:

Jennifer walked to the store.

لێرەدا (Jennifer) بکەرە، هەڵساوە بە ئەنجامدانی کارێک، ناوێکی تایبەتیشە.

After lunch, I will call my mother.

لێرەیا ( I ) بکەرە، هەڵساوە بە ئەنجامدانی کارێک، جێناویشە.

You were a great singer.

لێرەیا (You) بکەرە ،چونکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی کارێک،جێناویشە.

We went to the market.

لێرەیا (We) بکەرە ،چونکە هەڵساوە بە ئەنجامدانی کارێک،جێناویشە.

## دووەم// Verb:

کار ئەو کەرەســـە ســـەرەکییەیە، لە ڕســـتەدا دێت و ئەوە دەردەخات کە بکەر هەڵدەســـتێت بە ئەنجامدانی.لە زمانی ئینگلیزیدا کار دڵی ڕستەیە، واتا دەکەوێتە ناوەڕاست.(وشەیەکە یا کۆمەڵەیەکە لە وشـــەکان کە ئاماژە بە کردار یان حاڵەتی بوون یان مەرج دەکات.کار بەشـــێکە لە ڕســـتە و ئەوەمان پێدەڵێت کە بکەر چیدەکات.کارەکان دڵی ڕســـتەن.) ( www.learngrammer.net ). لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیاریان دەکەین:

Mark eats his dinner.

کارە چونکە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە،مارک خەریکی چییە، چی دەکات.

We went to the market.

کارە چونکە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە، بکەرەکە چی دەکات.

I like to draw picture.

کارە چونکە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە،بکەرەکە چی دەکات.

She always forgets her purse.

کارە چونکە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە،بکەرەکە چی دەکات.

They bought a new house.

کارە چونکە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە، بکەرەکە چی دەکات.

لەهەموو کاری ڕستەکانی سەرەوەدا، دەگەین بەو ئەنجامەی کە کار دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕستە، بۆیەش پێی دەڵێن دڵی ڕستە.

## سێیەم// Object:

وشەیەکە یان ناوێکە، گرێیەکە دەکەوێتە دوای کاری ڕستەکە، پرسیار لە چی و کێ دەکات. یەکێکە لە کەرەســـە بنچینەییەکانی ڕســـتە، ناتوانرێت لاببرێت چونکە، واتای ڕســـتەکە تێکدەچێت.(بەرکار ناوێکە، گرێیە، یان ئاوەڵناوێکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەرکی کارەکە.) ( www.thoghtco.com ). لە زمانی ئینگلیزیدا سێ جۆرە بەرکار هەن کە ئەمانەن:

**یەکەم**// Direct object

ئەو وشەیەیە، یان گرێیەیە لە ڕستە دایێت. ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای کارەکە و ئەرکی کارەکە جێبەجێدەکات.(بەرکاری ڕاستەوخۆ وشەیەکە یا گرێییەکە ئەرکی کارەکەی دەکەوێتە سەر.) ( www.grammarly.com).نموونە

Dad built <u>a treehouse for my 11th birthday</u>.

لێرەیا ئەمە بەرکـارە چونکە، گەر لایبەرین ڕســـتەکە نـاتەواو ئەبێت و نـازانین بکەرەکە چی درووستکردووە.

Sasha paints <u>landscapes</u>.

لێرەیا ئەمە بەرکارە چونکە، گەر لایبەرین، نازانین بکەرەکە چی وێنەکێشاوە.

**دووەم**// Indirect object

ئەو وشـە و دەسـتەواژەیەیە کە دەچێتە سـەر بەرکارە ڕاستەوخۆکە، بەیەکەوە دێن لە ڕستەدا.(ئەو بەرکارەیە کە دەچێتە سەر بەرکارە ڕاستەوخۆکە.) ( www.grammarly.com).نموونە:

The sun gave <u>the garden</u> a pocketful of sunshine.

بەرکارە ناڕاســـتەوخۆکە بریتییە (the garden) چونکە کەوتۆتە پێش بەرکارە ڕاســـتەوخۆکەی ڕستەکە ، دوای کاریش هاتووە.

James built Marie a tiny house on the beach.

بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بریتییە (Marie) چونکە کەوتۆتە پێش بەرکارە ڕاستەوخۆکەی ڕستەکە ، دوای کاریش هاتووە.

**سێیەم//** Object of the preposition

ئەو بەرکارەیە کە بەهۆی ئامرازێکەوە شـــوێن و کاتی ڕوودانی کارەکە دیاریدەکات.(ناوێکە (یان وشـــەیەکە/ گرێیەکە وەکو ناو مامەڵە دەکات) کاردەکات لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی بۆ پێکهێنانی دەستەواژەیەک لە ئامرازی پەیوەندی.) ( www.thesaurus.com).نموونە:

Morgan's house is across the street.

لێرەیا بەهۆی ئەوەی ئامرازی (the)ی لە پێش هاتووە دەتوانین بیناسینەوە.

Jennifer sits besid me in class.

لێرەیا بەهۆی ئەوەی ئامرازی (besid)ی لە پێش هاتووە دەتوانین بیناسینەوە.

**چوارەم//** Complement:

یەکێکە لە کەرەســـە بنچینەییەکانی ڕســـتە.دەکەوێتە دوای کاری ڕســـتەکە،لە زمانی ئینگلیزیدا دوو جۆر تەواوکەر هەیە، تەواوکەری بکەری و تەواوکەر بەرکاری .تەواوکەری بکەری گوزارشـــت لە بکەر دەکات و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بەڵام تەواوکەری بەرکاری گوزارشــت لە بەرکاری ڕاســتەوخۆ دەکات و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.(ئەو چەمکەیە کە بۆ وشــەیەک یان کۆمەڵە وشــەیەک بەکاردێت کە لە ڕووی واتاییەوە پێویستیان بە تەواوکردنە.) ( www.grammer-monster ).نموونە:

Lee is weak.

لێرەیا  تەواوکەری بکەریە ، چونکە باس لە بکەرەکە ئەکات و بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

Jhon was achicken.

لێرەیا  تەواوکەری بکەریە ، چونکە باس لە بکەرەکە ئەکات و بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

We voted jhon chairman.

لێرەیا تەواوکەری بەرکاریە، چونکە باس لە بەرکارە ڕاســـــتەوخۆکە دەکات، بەرکارەکە ئەوەمان پێدەڵێت کە، ناتوانین لایبەرین.

I don't need drugs to make my life tragic.

لێرەیا تەواوکەری بەرکاریە، چونکە باس لە بەرکارە ڕاســـــتەوخۆکە دەکات، بەرکارەکە ئەوەمان پێدەڵێت کە، ناتوانین لایبەرین.

**دووەم// کەرەسە ناسەرەکییەکان:**

بریتین لەو کەرەســــــانەی بەخورتین ، دەکرێ لایـــانببەین ودەکرێ لایـــان نەبەین.کەرەســــە ناســـەرەکییەکان هەموو کەرەســـەکانیتر دەگرێتەوە جگە لە کەرەســـە ســـەرەکییەکان.کەرەســـە ناسەرەکییەکانیش ئەمانەن:

**یەکەم//** Adverbials

بریتییە لەو وشانەی لەڕستەدا دێن، تەنیا بە ئامانجی پێدانی زانیاری زیاتر لە ڕستەکەدا.دەتوانرێت لاببرێن لە ڕستەدا بەبێ تێکچوونی واتای ڕستەکە.(ئاوەڵگوزارەکان ئەو وشانەن کە بەکاریان دێنین بە مەبەستی پێدانی زانیاری زیاتر لەسەر کارەکە.) ( learnenglish.britishcouncil.org ).ئاوەڵگوزارە چەند جۆرێکی هەیە کە ئەمانەن:

**یەکەم//** Adverbials of manner:

ئەو ئاوەڵگوزارانەن کە بە زیادکردنی (ly+) دروست دەبن. بۆ نموونە:

He spoke angrily.

لێرەیا ئاوەڵگوزارەکە کەوتۆتە دوای کارەکە و چۆنییەتی کارەکە دەردەخات.

He opened the door quietly.

لێرەیا ئاوەڵگوزارەکە کەوتۆتە دوای بەرکارەکە و چۆنییەتی کارەکە دەردەخات.

دووەم// Adverbials of place:

بریتین لەو ئاوەڵگوزارانەی کە (ئاڕاستە یان ماوە یان شوێن) نیشاندەدەن.بۆ نموونە:

He was standing by the table.

ئاوەڵگوزارەکە گوزارشت لە شوێنێک دەکات.

They always go abroad.

ئاوەڵگوزارەکە گوزارشت لە ئاڕاستە دەکات.

Birmingham is 250 kilo metres from London.

ئاوەڵگوزارەکە گوزارشت لە ماوە یان دووری دەکات.

سێیەم// Adverbials of time:

بریتییە لەو ئاوەڵگوزارەیەی کە کاتی ڕوودانی شـــتەکە یان ماوەکەی یان دووبارەبوونەوەی کاتەکە دەردەخات. بۆ نموونە:

I saw Mary yesterday.

لێرەیا کاتی ڕوودانی شتەکەی دیاریکردووە.

We waited allday.

لێرەیا ماوەی کاتەکەی دیاریکردووە.

We <u>sometimes</u> went to work by car.

لێرەیا چەندجارەی دوبارەبوونەوەی کاتەکەی دیاریکردووە.

**چوارەم**// Adverbials of probability:

بریتین لەو ئاوەڵگوزارانەی کە لەڕستەدا دێن، بۆ نیشاندانی ئەگەری ڕوودانی شتێک. بۆ نموونە:

<u>Perhaps</u> the weather will be fine.

لێرەیا بە ئەگەری باشبوونی هەواوە هاتووە.

<u>Maybe</u> it won't rain.

لێرەیا بە ئەگەری ڕوونەدانی باران هاتووە.

## **دووەم**// Determiner

یەکێکە لە کەرەسە لاوەکییەکانی ڕستە، لە ڕستەدا دێت بۆ دیارخستنی ناوێک یا جێناوێک یا گرێیەک.دیارخەرەکان بەخورتین دەتوانرێت لاببرێن.(دیارخەر وشەیەکە کە لە سەرەتای گرێیەکی ناوی دێت بۆ ئاماژەپێکردن بەشتێک.)( www.collinsdictionary.com ).بۆ نموونە:

Tell me <u>your</u> father’s name.

لێرەیا دیارخەرەکە (your)ە.

<u>The</u> farmer is plowing the farmland.

لێرەیا دیارخەرەکە(The)یە.

لەم ڕستانەیا دەبینین کە ئەم دیارخەرانە ناوێکیان دیارخستوە.

## بەشی دووەم// بەراوردکردنی ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە لەنێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا

**خاڵە هاوبەشەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی :**

- هەردوو زمانەکە لە ڕووی کەرستە سەرەکیەکانەوە هاوشێوەن و یەکسانن. بۆ نموونە:

she left the room.

she is driving a car.

لە هەردوو ڕستەکانی سەرەوەدا کەرەستەکان بەم شێوەیەن(بکەر+کار+بەرکار).

ئەو دەرگاکەی داخست.

ئازاد پەنجەرەکەی شکاند.

لە هەردوو ڕستەکانی سەرەوەدا کەرەستەکان بەم شێوەیەن(بکەر+بەرکار+کار).

لەم نموونانەی ســـــەرەوەدا کە ئاماژەمان پێدان ڕاســـــتە لە ڕووی ڕیزبوونەوە جیاوازن بەڵام لە ڕووی کەرستەوە هەمان کەرستەن بۆیە یەکسانن.

- لە هەردوو زمانەکەدا بکەر بەزۆری دەکەوێتە سەرەتای ڕستە.بۆ نموونە:

<u>All butterflies </u>taste with their feet.

Only one person in tow billion will live to be 116 or older.

نەسرین وانە دەخوێنێت.

دایکی ئەوین چوو بۆ بازاڕ.

لەم نمونانەی سەرەوەدا دەبینین بکەر لەهەردوو زمانەکەدا هاتۆتە سەرەتای ڕستەکە.

- کار لە هەردوو زمانەکەدا سەرەکییە و بەبێ ئەو ڕستە واتای نابێت، دەکرێت لە زمانی کوردیدا وەکو زمانی ئینگلیزی لەهەندێ ڕستەدا بکەوێتە ناوەڕاستی ڕستە. بۆ نموونە:

He is driving.

He left the home.

نەسرین ڕۆشت بۆ بازاڕ.

ئەوین چوو بۆ سەیران.

لەم نموونانەیا ئەبینین کە لە هەردوو زمانەکەدا کار کەوتۆتە ناوەڕاستی ڕستەکەوە.

- لە هەردوو زمانەکەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆ دێت لە ڕستەدا، واتا بەیەکەوە دێن.بۆ نموونە:

Becky baked Bernice a plateful of cookies.

The moon offered the ship an opportunity to find the way home.

لەم نموونانەیا ئەبینین کە بەرکارە ناڕاســـتەوخۆکان پێش بەرکارە ڕاســـتەوخۆکان هاتوون ،واتا بەیەکەوە هاتوون واتا وشەی یەکەم بەرکاری ناڕاستەوخۆیە و هی دووەمیش ڕاستەوخۆیە.

ئەو نامەکەی بۆ ئازاد هێناوە.

ئەو بەردی گرتە گوێزەکان.

لەم نموونانەیا ئەبینین کە بەرکارە ناڕاســتەوخۆکان کەوتونەتە دوای بەرکارە ڕاســتەوخۆکان، واتا بەیەکەوە هاتوون.

- لەهەردوو زمانەکەدا ئاوەڵگوزارە دەتوانرێت لە سەرەتای ڕستەوە بێت،. بۆ نموونە:

Last night we saw our friends

In a few moments we will go.

سبەی بەیانی دەڕۆین بۆ سەیران.

بەیانی چاومان بەیەکتر ئەکەوێتەوە.

لەم نمونانەیا بۆمان دەرئەکەوێت کە ئاوەڵگوزارە لە هەردوو زماندا دەکرێت لەسەرەتادا بێت.

- دیارخەر لە هەردوو زمانەکەدا دەکەوێتە سەر ناو، ئاوەڵناو و گرێ.بۆ نموونە:

give me your phone.

please tell me this girl name.

کچێکی جوانم بینی.

کچێکی نەشمیلانەم لە بازاڕ بینی.

لەم نموونانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەریەک لەم وشـــانەی دیاریمان کردوون بوونەتە دیارخەری وشەکان.

## خاڵە جیاوازیەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی

- لە زمانی کوردیدا ڕیزبوونی کەرستە سەرەکیەکانی ڕستە بەم شێوەیەیە (بکەر+بەرکار+کار) بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ڕیزبوونی کەرستە سەرەکییەکان بەم شێوەیەی(بکەر+کار+بەرکار).بۆ نموونە:

she write a novel.

بکەر کار بەرکار.

ئەو ڕۆمانەکەی نووسی.

بکەر بەرکار کار.

- لەزمانی کوردیدا دەکرێت بکەر بکەوێتە سەرەتا و کۆتایی کارە سادە و داڕژاوەکان بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بکەر بە زۆری دەکەوێتە سەرەتای ڕستە. بۆ نموونە:

<u>She</u> is cooking dinner.

<u>Hewa</u> left the room.

لەم نمونانەیا بکەرەکە کەوتۆتە سەرەتای ڕستەکانەوە.

هاتم.

لێرەیا بکەرەکە کەوتۆتە دوای کارەکە.

<u>ئەوان</u> هاتن.

لێرەیا کەوتۆتە پێش کارەکە.

- له زمانی کوردیدا بکەر لە جێناوی کەســـی ســـێیەمی تاکدا دەرناکەوێت بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا بکەر لەگەڵ کارەکانی وەک hope و know دەرناکەوێت.بۆ نموونە:

Hope you have a great time.

Don’t think so.

لەم ڕستانەیا ئەبینین کە بکەرەکە دەرنەکەوتووە.

هات.

مرد.

ڕۆیشت.

لەم ڕستانەیا بکەر جێناوی کەسی سێیەمی تاکە و دەرنەکەوتووە.

- لەزمانی کوردیدا لە ڕســتەی پرســیاریدا بکەر دەکەوێتە پێش ئامرازە پرســەکان وە گەر بە ئامرازەکانی (ئەرێ و ئایا) دەســـتپێبکات ئەوا دەچێتە دوای ئامرازەکە بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بکەرەکە دەکەوێتە دوای کارە یاریدەدەرەکان.بۆ نموونە:

where is she from?

what is your name?

لێرەیا کەوتۆتە دوای کارە یاریدەدەرەکان.

ئێوە کەی دەڕۆن؟

ئێوە بۆ کوێ دەڕۆن؟

لێرەیا کەوتۆتە پێش ئامرازە پرسەکان.

ئەریٚ ئێوە گەشت دەکەن؟

ئایا ئێوە دەڕۆن؟

لێرەیا کەوتۆتە دوای ئامرازە پرسەکە.

- لە زمانی کوردیدا دوو جۆر بەرکار هەیە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ، بەرکار دەکەوێتە پێش کاری ڕستەکە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای بەرکارە ڕاستەوخۆکە بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا سێ جۆر بەرکار هەیە ، ( direct,indirect,object of the preposition)بەرکارەکان دەکەونە دوای کاری ڕستەکە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە پێش بەرکارە ڕاستەوخۆکە دێت. بۆ نموونە:

The ocean calls Siobhan.

Her mom brought her a glassful of seashells.

I hide behind the tree.

لە ڕستەی یەکەمدا بەرکارەکە ڕاستەوخۆیە و لەڕستەی دووەمدا ناراستەوخۆیە وە کەوتۆتە پێش ڕاستەوخۆکە وە لە ڕستەی سێیەمدا بەرکاری بە ئامرازە.

هیوا نانەکەی دەخوات.

ئەژین گوڵێکی بۆ دایکی کڕی.

لە رستەی یەکەمدا بەرکاری ڕاستەوخۆیە و لە ڕستەی دووەمدا بەرکارەکە ناڕاستەوخۆیە.

- لەزمانی کوردیدا کار بە زۆری دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە لە ڕستە سادەکاندا بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە زۆری دەکەوێتە ناوەڕاست و دوای بکەری ڕستەکە.بۆ نموونە:

She left in a hurry.

The kids play basketball at recess.

لەهەردوو ڕستەکەدا کارەکە کەوتۆتە دوای بکەرەکە و ناوەڕاستی ڕستەکە.

ئەوان ڕۆشتن.

ئەوان ماڵەکەیان فرۆشت.

لەهەردوو ڕستەکەدا کارەکە کەوتۆتە کۆتایی ڕستەکە.

- لەزمانی کوردیدا تەواوکەر دەکەویتە پێش کاری ڕستەکە و واتای ڕستەکە تەواو دەکات بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا دوو جۆر تەواوکەر هەیە، تەواوکەری بکەری و بەرکاری ،هەردووکیان دەکەونە دوای کاری ڕستەکە و بەهۆی کارە یاریدەدەرەکانەوە دەریان دەخەن.بۆ نموونە:

Lee is hungry.

Lee licked the plate clean.

لە ڕستەی یەکەم تەواوکەرەکە بکەریە چونکە بۆ بکەر دەگەڕێتەوە بەڵام لە ڕستەی دووەمدا تەواوکەری بەرکاریە چونکە بەرکاری ڕاستەوخۆی لەدوا هاتووە.

ڕەشاییەکە دارستان بوو.

قەرەباڵغیەکە سوویا بوو.

لە ڕستەی یەکەمدا تەواوکەرەکە ناوێکی داڕێژراوە و لەڕستەی دووەمدا تەواوکەرەکە ناوێکی کۆمەڵە هەردووکیان واتای ڕستەکەیان تەواو کردووە.

- له زمانی کوردیدا دەکرێت ئاوەڵگوزارە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ســـەرەتا و کۆتایی و ناوەڕاســتی ڕســتەدا دێن، واتا دەکرێت بکەوێتە پێش بکەر یان بەرکار یان کار وە دەکرێت چەند ئاوەڵگوزارەیەک لە ڕســـتەیەکدا بێت بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵگوزارە دەکەوێتە دوای کاری ڕســـتەکە، ئەگەر کارەکە بەرکار و تەواوکەری لەدوا هات ئەوا ئاوەڵگوزارەکە دەکەوێتە دوای بەرکار و تەواوکەرەکە، دەکرێت لەپێش کاری ڕســـتەکەش بێت. لەکاتی جەختکردنەوەش دەتوانرێت بکەوێتە سەرەتای ڕستەکە و پێش کارەکە.بۆ نموونە:

He opened the door <u>quietly</u>.

I have <u>never</u> seen william at work.

<u>Very quietly</u> he opened the door.

لە رســتەی یەکەمدا ئاوەڵگوزارەکە کەوتۆتە دوای کارەکە، لەڕســتەی دووەمدا کەوتۆتە پێش کاری ڕستەکە، لە ڕستەی سێییەمدا کەوتۆتە سەرەتای ڕستەکە.

یەکێک دەرکەوت <u>بەرەو ژوور</u> ئەکشا.

<u>بەیانی زوو</u> دەنگێکی بەرزهات.

منداڵەکان <u>هێواش هێواش</u> دەڕۆیشتن.

لە ڕســتەی یەکەمدا کەوتۆتە پێش کارەکە، لە ڕســتەی دووەمدا کەوتۆتە ســەرەتای ڕســتەکەوە، لە ڕستەی سێیەمیشدا کەوتۆتە پێش کار.

<u>لەم چۆڵ و هۆڵەدا</u> ئازاد <u>زستانێ</u> <u>لەبرسان</u> دەمرێ.

لێرەیا سێ جۆر لە ئاوەڵگوزارە هاتوون شوێنی و کاتی وچۆنییەتی.

- لەزمانی کوردیدا دیارخەر شوێنی دەگۆڕێت بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا دیارخەر تەنیا لەپێش وشەکانەوە دێت.بۆ نموونە:

These are my childhood friends.

The lecture has been going so long.

لەهەردوو ڕستەکەدا لە پێشەوە هاتووە واتا ناتوانین لایبەرین چونکە واتای ڕستەکە تێکدەچێت.

گێلە پیاوێکم بینی.

پیاوێکی گێلم بینی.

لە ڕستەی یەکەمدا لەپێشەوە هاتووە و لە ناوەڕاست هاتووە و واتاکەشی تێکنەچووە.

# ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەی ئەنجامماندا دەگەین بەم چەن خاڵەی خوارەوە:

١. لە نێوان هەردوو زمانەکەدا جیاوازی هەیە لە چۆنییەتی ڕیزبوونی کەرستەکانیان و جێگۆڕکێیان لە ڕستەدا وە هەندێ شت هەیە لە زمانی ئینگلیزی هەیە و لە زمانی کوردیدا نییە بۆ نموونە کاری یاریدەدەر.

٢. ڕیزبوونی کەرەسەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیەیە (بکەر بەرکار کار) وە بەزۆری کەرەسە لاوەکییەکان بە زۆری دەکەونە پێش کار و دوای بەرکار بەڵام ڕیزبوونی کەرەسەکانی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەیە (بکەر کار بەرکار) کەرەسە لاوەکییەکان لە ڕستە ئینگلیزیەکاندا بە زۆری دەکەونە دوای بەرکار و کاری ڕستەکان.

٣. لە زمانی کوردیدا دوو جۆر بەرکار هەیە ئەوانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا سێ جۆر بەرکار هەن ئەوانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و بە ئامرازە.

٤. لە زمانی کوردیدا یەک جۆر تەواوکەر هەیە بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تەواوکەری بکەری و بەرکاری هەیە ، لە هەردوو زمانەکەشدا واتای ڕستەکە تەواو ئەکات و سەرەکییە.

٥. لە زمانی کوردیدا دیارخەر دەتوانێت جێگاکەی بگۆڕێت بێئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێت بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەمیش دەکەوێتە پێش وشە دیارخراوەکە.

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێبەکان


- پشدەری ، صالح حسین حسن (١٩٨٥) ،کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی بەغدا ، بەغدا.
- خۆشناو ، د.نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٤) ،ڕێزمانی کوردی ، چاپی شەشەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
- خۆشناو ،د.نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٧) ، ڕستەسازی ، چاپی چوارەم ، هەولێر.
- دزەیی ،عبدالواحید موشیر (٢٠١٤) ،ڕێزمانی کوردی ،چاپی یەکەم.


### نامە زانستییەکان


- بەرزنجی ،شلێر ڕەسوڵ (١٩٨٩)، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا.
- بەگیخانی ،ئاواز حەمە صدیق (١٩٩٩)، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا.
- حەسەن ،شوان حەیدەر (٢٠١٥)، ڕۆنانی فریزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا.
- ڕەسول ،خەسرۆ ئەحمەد (٢٠٠٧)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆرمی(شەکلی).
- زەنگنە ،مصطفی محمد (١٩٨٩)، کار و ئەرکی لە سینتاکسدا.
- فتح الله ،احمد حسن (١٩٩٠) ،بکەر وەک بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا.


### سایتی ئینتەرنێت:


- www.grammarly.com
- www.grammar-monster.com
- www.collinsdictionary.com
- Learnenglish.britishcouncil.org
- www.learngrammar.net
- www.thoughtco.com
- www.thesaurus.com